# بنەماکانی تۆتالیتێری ئێرانی/شیعیزم

ڕۆژبین ڕۆژهەلاتی

”

دیارە تۆتالیتێرەکان زۆر خاڵی وێچوویان هەیە و لەزۆر جێگاشدا تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. تۆتالیتێری ئیسلامیی ئێران، بەڕواڵەت لەسەر دوو چەمکی کۆماری و ئیسلامی دامەزراوە. بەڵام سەبارەت بە کۆماریبوون هەر فڕی بەسەر کۆمارییەوە نییە. ستراکچێری ئەو حکوومەتە، دەسەڵاتی مافیا Mafia State یە یان دەسەڵاتی خراپەکار و بەدخوو Criminal Ststeی ئۆلیگارشییە. چونکە ئاکارەکانی: دزی، گرتنی بارمتە، کاری مافیایی، تیرۆر، ئەشکەنجە و ڕەشەکوژییە.

“

هانا ئارێنت لەکتێبی توتالیتاریزمدا بەخەستی باسی دوو تۆتالیتێر دەکات. واتا نازیسم لەئاڵمان و سیتالینیزم لەرووسییە. دیارە هەردووکیان لەیەک زەمەنی مێژووییدا دەسەڵاتداربوون. هانا ئارێنت لەو بەرهەمەدا ئەو دوو حکوومەتە لەیەک جیا ناکاتەوە. گەرچی دوو فکر و ئایدۆلۆژیای جیاوازیان هەبووە بەڵام لەکرداری پراگماتیسمیدا وەک یەک بکووژ و دژە مرۆیی بوون. هانا ئارێنت پێی وا بوو تۆتالیتێر لەسەر چەند بنمایەکی سەرەکی خول دەخوات:

١. چینەکانی کۆمەڵگا تێک دەدات و دەیانکاتە کۆمەڵگایەکی ڕەشۆکی شوێنکەوتووی تۆتالیتێر.

٢.هەروەها ڕۆڵی پڕۆپاگەندا لەبەرانبەر دنیای دەرەوە و فریوی ناوخۆ.

٣. کەڵک وەرگرتن لە چەمکی ترس و تیرۆر.

٤. گۆشەگیرکردن و تەریکخستنی تاکی کۆمەڵگا. بەگشتی دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیست، ئاناتۆمیی کۆمەڵگا گیرۆدەی ڤایرۆس و میکرۆبی تۆتالیتێر دەکات. یانی کۆمەڵگا بەرەو تاکخوازی دەبات. لە تەوەری تاکخوازیدا چەمکی من منخوازی پەرە دەستێنێ و تانوپۆی پەیوەندایەتی و لێک نزیکبوونەوەی کۆمەڵانی کۆمەڵگا لێک هەڵدەوەشێ و کورد گوتەنی کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە.

بۆ ئەوەی باشتر توتالیتاریزمی ئایدۆلۆژیخوازی شیعیزم بناسرێت و بزانین لە١٣٥٧ەوە هەتا ئێستا ئەو چەند جیلە بەدەست چ حکوومەتێکی زاڵم و خوێنرێژەوە ناڵاندوویانە و چ باندۆرێکی لەسەر ڕۆح و جەستەی جیلەکانی کۆمەڵگادا هەبووە و هەیەتی، شرۆڤەی سێ خاڵی سەرەکی دەکرێت:

**١. تیرۆریزم**
**٢. زمان**
**٣. ڕێبەر**

## تیرۆریزم

١. تیرۆریزمی تۆتالیتێری ئیسلامی. کەیس و فاکتی تیرۆریزم، یەکێ لە کۆڵەکە سەرەکی و ئەرکانی بەهێزی دەسەڵاتی ئاخوندیسمە. دەسەڵاتی فەندەمینتالیسمی ئێرانی/ئیسلامی، ئۆرگانیزاسیۆنی تیرۆری کردە پراکتیزی دەسەڵات و پلاتفۆرمی ڕەشی خۆی لەسەر دارشت.

"تیرۆریستەکان پسپۆڕن و شارەزای کۆنترۆڵی هێز و زەینن." [١] ئەوە یەکەم ڕستەی بەشی تیرۆریزمی کتێبی ٢١وانە بۆ سەدەی ٢١ە. لەنووسینی یوڤاڵ نووح هیراری. لەدرێژەدا هیراری دەڵێ: "تیرۆریستەکان خەڵکانێکی کەم دەکوژن بەڵام زراوی ملوێنان و بگرە ملیاردێ خەڵک دەتۆقێنن."[٢] تیرۆر بریتییە لەو کردەوانەی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجگەلێکی سیاسی ئەنجام دەدرێت لەرێگای کوشتن و تیرۆری کەسگەلێکی تایبەتی و بۆمبدانان و تەقاندنەوە و ...هتد ترس و خۆف دەخزێنە دەروونی کۆمەڵگاوە و ئەو کردەوە توندئاژۆیانە لەلایەن گرووپگەلێکی بیرتەسک و دێگماتیسمی وەک داعش یان ئەلقاعیدەوە ئەنجام دەدرێن، کە بەرهەمی ئەزموونی فکری و ئایدیای ڕێژیمێکی تیرۆریزمپەروەر و بناژۆخواز و فەندەمینتالیزمی ئاخوندین. ئامانج لە تیرۆر بە گشتی بۆ تۆقاندن و سەرکوت بەرێوەدەبرێ.

هێرشی ١١سێپتامبەری ٢٠٠١ بۆسەر دوو بورجی ئلبووریی نیۆیۆرک حکوومەتی ئەمریکا و ئەورووپای تاساند. ئەو رووداوە نزیک بە ٣٠٠٠ کوژراوی لێ کەوتەوە. یان بەشێوەیەکی وردتبینانەتر ٢٩٩٦ کەسی تێدا کوژرا. ئەگەر بەراوردێکی رووداوی پێکدادانی ماشێن بکەین لەوڵاتی ئەمریکادا، هەر ساڵەی زیاتر لە

٣٥٠٠٠ کــــەس دەکوژرێن. بــــەڵام دەبینین کوژراوانی ماشـــێن و رووداوی جادە وشەقامەکان بەقەدرایی هێرشی ١١ســــێپتامبەر کۆمەڵگای ئەمریکای نەتاســـاند و خەڵکی نەهەراســـاند. ئەرکی تیرۆریـــزم تۆقاندن و ترس خســـتنە نێودڵی جەمـــاوەرە بۆ پەرتەوازەیـــی و ئاڵۆزی. تیرۆریزم بەکردەوەیەکـــی بچووک کۆمەڵگایەک دەتاسێنێت. تیرۆریزم ســـتراتیژیەکی نیزامییە کە فۆکووســـی لەســـەر چەمکی ترسە، نەک لەســـەر زۆری و کەمیی کـــوژراوەکان. داعش پێش ئەوەی هێرش بـــکات و پانتایی عێراق و سووریا بگرێت، لەپێشـــدا ڤیدیۆی دەستڕێژی رەمەکی بۆ ســـەر چەند ماشـــێنێکی خەڵکی ســـڤیل نیشـــان دەدا کە ئـــەوان چۆناوچۆن خەڵکی دەکوژن و دەســـت لە ورد و درشـــت ناپارێزن. هەربۆیە لە یەکەم هێرشـــدا بۆ ســـەر شاری مووسڵ، یەک ســـەربازی عێراقی توانایی بەربەرەکانێـــی نەبوو و بە پێخاوســـی رایانکرد. رێژیمی بەعســـی لەناوچووی عێـــراق پێش ئەوەی هێرشـــی ئەنفال دەســـت پێ بکات، لەراگەیەنەگشتی و T.Vـەکاندا بەردەوام فیلم و دێکۆمێنتاری ئەکشێن و کوشتوکوشتاری بڵاو دەکردەوە تاکوو پسیکۆلۆژیکانە رێگەخۆشکەری ئەو پرۆژە نگریســـە بێ.

تۆتالیتێـــری ئاخوندی بۆ ئەوەی کۆمەڵگای ئێرانی بـــەرەو تاوانی دژمرۆیـــی و جەنایەتی موقەددەس هان بدات، ئەو پاســـدار و کەسانەی لەشەڕی کوردســـتاندا دەکوژران، زۆر ناجوامێرانە سەر و پێیانی دەبڕی و بە پڕۆپاگەندەی درۆیینی "کوردەکان سەری پاســـداران دەبڕن" چەمکی کوردی سەربڕیان خســـتە رۆژەڤی ئەدەبییاتی جیهادیی ئێرانییەوە و کۆمەڵگای رەشـــۆکی و فیلسواری شیعیزمی ئێرانیش بەڵێشاو دەهاتنە شـــەڕی جەهاد لەکوردستان. مستەفا چەمرانی ئاکادێمیســـت کاتێ دەبینێ خەڵکی کورد نوێژ دەکەن و بانـــگ دەدەن، گوتوویەتی، بۆ ئێوەش نوێژ دەکەن؟! ئەوە نیشـــانەی شـــۆڤێنیزمی ســـانتراڵخواز و ناسیۆناڵفاشیزمی فارسیزمە. یان کاتێ ســـادقی خەڵخاڵی لەکوردستاندا دەستی کرد بـــە تیرۆری ناجوامێرانـــە و ئێعدامە چەند خولەکییەکانی بەرێوە دەبرد، ترس و وەحشەتێکی خســـتە دڵی خەڵکەوە کە تەنانەت منداڵی ئەو سەردەمە دەمانگوت:

"بچم قاوکەم لەخاڵخاڵـــی بێت بتخوا هەر بەکاڵی."

دەســـەڵاتی ئاخوندیزمـــی ئێرانی یەکەم هەنگاوی دوای ٢٢ڕێبەندانی ١٣٥٧ـی هەتاوی تیرۆر بوو. دادگای چەند خولەکیی بەرپرســـانی پاڵەوی و دادگاییکردنی هوەیدای سەرۆکوەزیرانی پێشوو و چۆنیەتیی کوشـــتنەکەی، نۆرمێکی تیرۆریزمی دەوڵەتی بوو. بـــەو کردەوانە و بەناوی ئێعدامی شۆڕشـــگێرانە خۆی وا پێناســـەکرد کە من، لەســـەر تیرۆر و کوشـــتن و تۆقاندن کۆڵەکەکانی دەســـەڵاتەکەم دادەمەزرێنم. ئەوە دەســـتمایەی حکوومەتی ترس و خۆف و فۆبیا بوو. چیها لاوی کوردســـتانی لـــە زیندانەکاندا گوللـــەباران کران و نەتەنیـــا تەرمەکانیان پێ نەدرانەوە بەڵکوو گۆڕەکانیشیان شوێنبزرکران و کەس پێیان نازانـــێ. ئەگەریش تەرمی پیرۆزیان دەدرایـــەوە بە بنەماڵەکانیـــان دەبوو قوتوویەک شـــیرینی و برە پارەیەک بەرنـــە ناوەندەکانی دەســـەڵات. شـــیرینی بۆ ئەوەی بەپێی وتەی دەسەڵاتی ئیسلامی تاکێکی موفسیدولفیلئەرزی لەســـەرئەم خاکە پـــاک کردووەتـــەوە. برە پارەکەش پووڵی ئەو گووللـــە و فیشەکانەبوون کە بە جەســـتەی کوژراوەکەیانـــەوە دەنا. ئەوە بێرێزیکردنە بەکۆی گشتیی مرۆڤایەتی. چونکە ئارێنێت لە توتالیتاریزمدا باسی شـــەڕی ترۆوا و کوشتنی هێکتۆر بەدەســـتی ئاشیل دەکات و دەڵێ:"ئاشـــیل بۆ هێکتۆر(بەرێزەوە) مەراسمی بەخاکســـپاردنی بۆ بەرێوە دەبات.[٣]"چونکە وەک مرۆڤ لێـــی دەروانێ و کەرامەتـــی مرۆڤایەتی دەبێ بپارێـــزرێ. کەم نەبوون ئـــەو ئافرەت و کچەکـــورد و ئێرانیانەی پێش ئـــەوەی ئێعدام بکرێن پاســـدارێکیان دەکردە پاڵـــی بۆ ئەوەی

لاقـــەی بـــكات و بیكاتـــە ژن. دوایەش بە شـــانازییەوە بەبنەماڵە داماوەكەیان دەكوت پێش ئەوەی كچەكەتان گوللـەباران بكرێت لەم برادەرە پاســـدارە مارەكراوە. چونكە لەڕوانگە و فەلسەفەی ڕەش و نگریسی تۆتالیتێری شیعیزم و ئیسلامەوە ئەگەر ئافرەتێک بە كچی ئیعـــدام بكرێت لەو دنیـــا دەبەخشـــرێت و بە ئـــاوری جەهەندەم ناســـووتێت! ڕاســـت هەر ئەو ڕوانگەیەیە كە داعش بۆ ئافرەتی كوردی هەبوو. داعشـــییەكان پێیان وا بـــوو ئەگەر بە دەســـتی ئافرەتێكی كورد بكوژرێن دەچنـــە جەهەندەم.

ئەو كـــردەوە تیرۆریزمانەی دەســـەڵاتی ئاخوندیـــزم، بۆ تۆقاندن و ترس خســـتنە دڵی تـــاک بەتاكی ئـــەو كۆمەڵگایەوە بـــوو. تاكوو چەمكی تـــرس ببێتە دوژمنێكـــی دەروونی و ڕۆژ و شـــەو دۆڵپای ســـەر مێشكی بێت. كورد هەر لەســـەرەتاوە زۆری هاوار كرد، دەســـەڵاتی ئیسلامی/ئاخونـــدی بـــەرەو حكوومەتێكـــی ڕەهـــای تۆتالیتێر دەڕوات. باســـی بەندیخانە و چاڵەڕەشـــەكانی دەكـــرد كە ئەم دەســـەڵاتە چ بەڵایـــەک بەســـەر كوڕ و كـــچ و ئافرەتانی كورددا دێنێ بـــەڵام زۆرینەی كۆمەڵگای ئێرانی گاڵتەیان پـــێ دەهات و باوریـــان نەدەكرد. یان نەیاندەویســـت باوڕبكەن. هەتا لەساڵی ١٣٦٧ و دواتـــر لە دەیـــەی ٩٠هەتاوی بـــەولاوە بۆیان دەركەوت كـــە كـــورد زۆر زوو حەقیقەتی ئەو ڕێژیمـــەی بۆ مەعلووم بووە، بـــەڵام ئێرانیەكان گوێیان كـــون نەبوو. چونكە بەداخەوە كۆمەڵگای ئێرانـــی ئایینتەوەرن و لایەنی هـــەرەزۆری بیر وهزریان لەســـەر ئەساسی شیعیزم بنیاد نراوە و هەر لەسەر ئەوكانتێكس و باندۆری شیعیزمەیە پلان دادەڕێـــژن. مەهـــدی خەلەجی خۆی لە قوتابخانەكانی شێعە و ئایینپەروەری فەیزییەی قوم دەرســـی خوێندووە و وەک ئەحمەد كەسرەوی هەموو تانوپۆ و كەلێنەكانی ئەو تێكســـت و دەقە شێعەییانە بەباشی دەناسێ و هەستی پێ كردووە. هەربۆیـــە لە تێكســـتێكی خۆیدا ســـەبارەت بە حكوومەتـــی دینی لەئێرانـــدا ڕای وایە كە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیســـتی ئایینتەوەر تەنیا بە تۆتالیتێری ئیســـیلامی ئێران دەســـتی پێ نەكردووە و تەنیا بەم دەســـەڵاتەی حكوومەتی دینی تاقی نەكراوەتە. خەلەجـــی ئەو ئەزموونە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئێرانی كەونارا و دەڵێ: " لەئێرانی دێریـــن و كۆندا پادشـــا جیالەوەی شـــا بووە، مووبێدیش بووە و چینی ڕۆحانی و پێشـــڕەوانی ئایینی لەسیلسیلەكانی پادشـــاییدا دەسەڵاتی ڕەهایان هەبووە و كارتێكەریی بەرچاویان لەسەر پادشا و دەســـەڵاتداراندا هەبووە. پادشا بەهۆی فەڕڕی ئیزەدییـــەوە شـــەرعییەت و ڕەواییی خۆی پەرە پـــێ دەدا.[٤]" لەدرێـــژەدا بەو ئاكامە دەگات كە دەســـەڵاتی پالـــەوی و ڕزا پالەوی گرێدراوی ئایین و دەســـەڵاتی شێعەیە: "... هەر لە پادشـــاییی جەمشـــیدەوە هەتا حكوومەتی مەشـــرووتەی محەممەدڕەزای پالەوی، ڕەواییی دەسەڵات بەستراوەتەوە بە ئایینەوە.[٥]" خەلەجی بـــۆ ســـەلماندنی ڕای خۆی پەنـــا دەباتە بەر كتێبی قەدیمی " نامەی تێنسێر[٦]". لەوكتێبەدا ئاماژە كراوە كە دەســـەڵاتەكانی دێرین لەئێراندا شـــكۆمەندی و بەرقەرارییەكەیان زۆرتر بەهۆی پشتیوانیی پێشـــڕەوانی ئایینییەوە بووە.

زۆرجار بۆئەوەی وێچوونی نێوان تۆتالیتێرەكان نیشان بدرێت پێویستە فاكتگەلێكی هاوتەریب بخرێتـــەڕوو هەتا دژەگەلیبوونی دەســـەڵاتی ئاخوندیزمـــان بـــۆ ڕوون بێتەوە. لەشـــەڕی دووهەمی جیهانیدا لەوڵاتی چێكۆســـلۆواكی، لەلایەن خەباتكارانی بەهەڵوێستەوە ئۆپراسیۆنی ئەنترۆپۆید Anthropoid ئەنجـــام دەدرێت. لەو عەمەلیاتەدا ڕاینهارت هایدریش كەدەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای هیتلێربووە لەوڵاتی چێكۆسلۆواكیا، بەدەســـتی لاوانـــی خەباتكاری ئـــەو وڵاتە دەكوژرێت. هایدریش دەســـتێكی باڵای هەبوو لە ژینۆسایدی جوولەكەكاندا و تەواو نازیستێكی ڕاسیزمتەوەربوو و بەكوشتنی هایدریش، دەزگای هیتلێری ســـەیر هەڵبەزییەوە. لـــە تۆڵەی ئەو سەركردەیەدا، ئەرتەشـــی هیتلێر بۆ تۆقاندن و ترس خســـتنە دڵی كۆمەڵگاوە تەواوی پیاوانی

گوندی لیدیستەی کوشت و ئەو دێیەشی بەیەکجاری خاپوور کرد. هەروەها زیاتر لە ٥٠٠٠ کەس لەخەڵکی سڤیلی ئەو وڵاتەی قەتڵوعام کرد. دەسەڵاتی ئاخوندیش راست ڕەفتاری هیتلێری ڕەچاو دەکرد. لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە نێوان مهاباد و نەغەدەدا پاسدار محەممەد برووجێردی کە یەکێ لە بەرپرسانی باڵیندپایەی سپای پاسداران بوو لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا دەکوژرێت. پاسدارانی دڵ پڕ لەقین بۆ تۆڵەکردنەوە - شەلم کوێرم کەس نابوێرم — ٥٩ لاوی بێتاوانی مەهابادی بەشێوەی ڕەمەکی دەگرن و دەیانبەنە تەورێز و لەوێ هەموویان گوللەباران دەکەن. ئەو کردەوە ڕەشەکوژییانە هەر لەدەسەڵاتی ئاپارتاید/کۆلۆنیالیست دەوەشێنەوە. چونکە ئەگەر هاووڵاتییانی کوردستانی بە خۆیی بزانیبایە نەدەکەوتە گیانی خەڵکی سڤیل. یان قەتڵوبڕی سەدان کەس لەگوندەکانی وەک: قارنێ و قەڵاتان و سۆزی و قەرەگۆڵ و... کاولکردنی دەیان و سەدان گوندی دیکە بەبیانووی شەڕی پێشمەرگە. لەهەر ناوچەیەکی کوردستان کاتێ پێشمەرگە لە دژی جاش و پاسدار عەمەلیاتیان دەکرد دواتر دەسەڵاتی داگیرکەری تاران دەستی دەکرد بەتۆپ و خومپارەبارانی گوند و مەزرای خەڵکی و دەیدا بەسەر شار وگوندەکاندا و ڕەشبگیرانە دەستی دەکرد بە گرتنی خەڵکی سڤیل، کەکوشتن و ئەشکەنجە و زیندانی بەدواوەبوو. ئەوانە و هەزاران فاکتی دیکە نموونەیەک لە بەربەرییەت و ویندالیزمی تۆتالیتێری ئیسلامییە. ئەو کردەوە قێزەونانە نیشانەی ترسەنۆکی و لاوازی ئەو دەسەڵاتەیە، بۆیە پەنادەباتە بەر تیرۆر و توقاندن. چونکە زمانی ئاخافتن و ئینسانی بوونی لاوازە و بەتەواوەتی دژمرۆییە. بە قەولی نووح هێراری تیرۆر نیشاندەری لاوازی و بێدەسەڵاتیی دوژمنی بێهێز و سستە[٧]. کوشتن و تیرۆر لەناخی ئەو دەسەڵاتە نگریسەدا گەرای داناوە و تەنیا بە ڕووخاندنی ئەو تۆتالیتێرە ویندالیزمە دەڕەوێتەوە و تەواو.

ئەو دەسەڵاتە ئۆتۆریتاریانیزمە Authoritarianism، دژی هەر جۆرە چالاکییەکی ئازادی تاکەکانە و لە ڕێگای تیرۆر و ڕەشەکوژییەوە ترس و تۆقاندن دەئافرێنێت. دیارە تۆتالیتێری ئیسلامیی ئێرانی وەک لەناوخۆ خەریکی تیرۆری هاووڵاتییانی خۆیەتی، لەدەرەوەی وڵاتیش شوێن پێی نەیارانی خۆی هەڵدەگرێ و تیرۆریان دەکات. سیستەمی تیرۆریزمی دەسەڵاتی ئاخوندی دوو بەشە: تیرۆری ناوخۆیی و تیرۆر لەدەرەوەی وڵات. چونکە ئەو جۆرەی لەدەرەوە چالاکە و ئەندامانی خۆی لە پانتایی جیهاندا بڵاو کردووەتەوە دەبێ میتۆدێکی تەواو جیاواز کونترۆڵی ئەو بەرینایی دەسەڵاتدارییە بکات. چونکە تەنیا بە تیرۆری سادە، واتا کوشتن، داناکەوێ؛ بەڵکوو لە ڕێگای هەرەشە و تەماحوەبەرنان و هەڵخەڵەتاندندا کار دەکات. ئەو دەسەڵاتە ئابسلووتە، چونکە تەواو ئایدۆلۆژیستە و لەسەر چەمکی شیعیزم دامەزراوە، ئاندامانی چالاکی کارپێکەری تیرۆر، کەسگەلێکی سادە نین بەڵکوو کاری تیرۆر و کوشتن بە ئەرک و وەزیفەی شەرعی و دینی خۆیان دەزانن و حازرن لەو ڕێگایەدا گیانی خۆیان بەخت بکەن و بەشانازییەوە شەهید بن. چونکە پەروەردەی ئایدۆلۆژیی ئایینی شیعیزمن. شک لەوەدا نییە زۆر بە باشی دەزانێ کێ و چ کەسانێک تیرۆر بکات. ئەوکەسانە دەستنیشان دەکات کە ترسەکەیان هەست پێ دەکات و دەزانێ ئەوانە دەتوانن زەربە لە پەیکەرەی ئەو دەسەڵاتە بدەن و لەسەر کۆمەڵگا کاریگەریی ئەرێنییان هەبێ. وەک ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات؛ عەبدولڕەحمانی قاسملوو و سادق شەرەفکەندی؛ یان شاپووری بەختیار و... ئایا لە ئەورووپا کەسانی دیکەش بوونیان نەبوو کە تیرۆریزمی ئێرانی یەخەی نەدەگرتن؟ بەڵێ هەبوون و زۆریش بوون و هەن، بەڵام دەسەڵاتی ئاخوندی دەزانێ کێ بکوژێ و کێ

بهێڵێتەوە.

بــۆ نموونە: لەتیرۆری میکۆنووس، ســـادق شــەرەفکەندی، سکرتێری گشـــتیی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێـــران و هومایون ئەردەڵان(نوێنـــەری حیزبـــی دێموکرات لە ئاڵمان)، فەتـــاح عەبدولی(نوێنـــەری حیزبی دێموکـــرات لەئەوروپـــا) و هەروەهـــا نووری دێهکوردی(کارمەندی خاچی ســـوور و ئەندامی کۆنفیدراســـیۆنی خوێندکارانـــی ئێرانی) تیرۆر دەکرێن. خاڵی جێگای شـــک و گومان ئەوەیە کەســـێکی وەک پەرویز دەســـماڵچی لە نێوان دوکتور شـــەرەفکەندی و یەکێ لەو بەرێزانەی دیکەدا دانیشـــتووە و کاتی دەستڕێژەکە، پەرویز دەســـماڵچی هـــەر برینداریش نابـــێ! بەڵام نووری دێهکـــوردی، ئەگەرچی ئەندامی حیزبی دێموکراتیش نەبووە دەکوژرێ. هەتا ئێستاشـــێ لەگەڵدابـــێ نە لە دادگای ئاڵمـــان و نە لە هیچ شـــوێنێکی دیکەدا شـــک و گومان لەسەر ئەو کابرایـــە نییە. نەتەوەیەکی تیرۆر چێشـــتووی وەک کورد دەتوانێ کۆدەکانی وەها تیرۆریزمێک بناسێ. ئایا بۆ کۆماری ئیسلامی تیرۆری پەرویز دەسماڵچی زۆر ســـەخت بوو؟ یان مانەوەی و نەکوشتنی باشـــتر بوو؟ ئەگەر دەسماڵچی سەر بەدەسەڵاتی ئیسلامییش نەبووبێ خۆ بەشێکە لەقەوارەی ئێتنیکی دەســـەڵاتی فارســـی و بێشـــک دەبێ فەرقێک دابنـــرێ لەنێوان ئەتنیکی سەردەســـت و بندەســـت. وەختایەک دەگوترێ توتالیتێری ئاخونـــدی هەژدیهایەکی هەزار ســـەرە، دەبێ لەو شوێنانەدا ببینییەوە و بناســـی. هەر لە کەیسی میکۆنووسدا گەرچی دادگا شـــکی لە عەزیـــز غەفـــاری، خاوەنی ریســـتۆرانەکە بوو، بـــەڵام دواتر ئازاد کرا و شـــک و گومانی لەســـەر نەما. دەبینین ئێســـتا عەزیز غەفاری لە ئێرانە و بە ئەندامی چالاکی ســـپای پاســـداران دەرچووە. عەزیز خاوەن ریستۆرانەکە بوو و هەواڵی هاتنی دوکتور شـــەرەفکەندی و هەڤاڵانی بە تیرۆریســـتەکان گەیاندبوو. عەزیز غەفاری، بە فێڵ لەساڵی ١٣٥٧ـــی هەتاوییەوە ئێرانی بەجێ هێشـــتبوو و بەرواڵـــەت وەک کەســـایەتییەکی سیاســـیی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێـــران پەناهەندەی ئاڵمان ببوو. ئاخۆ چەند ســـەت یان چەند هەزار کەسی دیکەی وەک غەفـــاری لـــە دەرەوەی وڵات بەرواڵەت دژی توتالیتێـــری ئێرانی/ئیسلامین و هاوکاری ژێربەژێـــر و فیداییی ئەو دەســـەڵاتەن. ئەو ســـۆبژێکتیوەی ئەندامان و هەڵســـووراوانی توتالیتێر/کۆلۆنیالیزمی ئیسلامی پێکەوە گرێ دەدات و دەیانکاتە ڕێڕەوی ئەو دەســـەڵاتە، ئایدۆلۆژیی شـــیعیزمە کـــە دەبێتە هێزی توندئاژۆ و خەســـتی فندەمینتالیزمی دۆگم و پانتایی دەســـەڵاتی هیرارشـــی ئیسلامی ئێرانیـــدا، بەجەماوەری ناوخـــۆی حکوومەت و هەمـــوو پرۆکســـییەکانیەوە پێکەوەیـــان دەلکێنێـــت، بـــە قەولی میشـــێل فۆکۆ، دیســـپۆزیتیف Dispositif ی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەیە بووەتە هۆی مانەوە و پشـــتگیریی پەیرەوانی.

تیرۆریزمـــی دەوڵەتیی ئاخونـــدی جیا لە تیرۆری کەسایەتی و سیاسی، بەسەر چەندین قوناغی دیکەدا دابـــەش دەکرێ:

**١. تیرۆریزمی ڕاگەیاندن**
**٢. تیرۆریزمی ئابووری**
**٣. تیرۆریزمی کەسیەتی واتا شکاندنی شکۆی کەسایەتییەکان**
**٤. تیرۆریزمی کۆمەلایەتی**

### ١. تیرۆریزمی ڕاگەیاندن

دەســـەڵاتێکی وەک توتالیتێـــری ئاخوندی ئێـــران بۆ پـــەرەدان بـــە نیازی خـــۆی، واتا هەناردەکردنی ئیسلامی سیاســـی، ڕادیکالیزمی شیعیزم، بەهایەکی زۆری بە ڕاگەیاندن و دنیای دیجیتاڵ و سۆشـــیاڵ میدیا داوە و لە تاکتیکی جۆراوجۆر و تایبەتی خـــۆی کەڵک وەردەگرێ. "تیرۆریزمـــی ڕاگەیاندن" یەکـــێ لەڕێگاکانی

ڕاگەیاندنـــی تۆتالیتێر بۆ پڕۆپاگەنـــدە و ژانری ڕیتۆریکە. کاری تیرۆریســـمی ڕاگەیاندن پاساو هێنانەوە بۆ کردارەکانی دەســـەڵاتە. تۆتالیتێر لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە کارتێکەری لەسەرجەماوەری گشـــتی دەکات. بڵاوکردنـــەوەی هەواڵی درۆ، دووبەرەکی نانەوە، پاشـــاگەردانی، شۆردنەوەی مێشکی شـــوێنکەوتووانی خۆی و.... بۆ نموونە گۆبلێز لە ئاڵمانی هیتلێری و شـــەریعەتمەداری لە دەســـەڵاتی ئیسلامیی ئێران.

بەگشـــتی تۆتالیتێـــر و دیکتاتـــۆرەکان لەخۆڕازی و نارسیســـتن و پێیـــان وایە لە ڕێـــگای ئاخێوەری و ڕیتۆریکییـــەوە دەتوانن شـــوێنکەوتووانی خۆیان شاگەشکە و شەیدایانی خۆیـــان زۆر و زەوەنـــد بکـــەن. تیرۆریزمی ڕاگەیانـــدن باڵی بەهێزی تۆتالیتێری ئاخوندییە. لەو ڕێگایەوە پـــەرە بە ئایدۆلۆژیـــا دەدەات. بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاگەیاندنی سەرنجڕاکێش لـــە دووتوێی دەق و تێکســـتێکی وروژێنەرەوە، هەســـتی جەماوەری ڕەشۆکی هەڵدەخەڵەتێنێ وپۆپۆلیســـتانە ئەندامان و شوێنکەوتووانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکـــی تیرۆریزمی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هـــان دەدات. بۆ نموونە: لەکاتی بڵاوبوونەوەی کتێبی ئایەتە شـــەیتانییەکان لە نووسینی ســـەلمان ڕوشـــدی، بووە هۆی هەل و دەرفەت بـــۆ ئاپدەیتی ئایدۆلـــۆژی و بەگەورە و مەرجەع نیشاندانی خۆی. هەربۆیە لەڕۆژی ١٤ـی بەفرانباری ١٣٦٧ خومەینی فتوای کوشـــتنی سەلمان ڕوشدیی دەرکرد و ئەو فتوایە سەرنجی زۆرینـــەی میدیاکانی جیهانی بـــۆ لای خۆی ڕاکێشا و میدیای ئێرانی/ئیسلامی پڕۆپاگەندەیەکی بـــەربڵاوی بەڕێوەبرد. ئەو فتوایـــە هەر درێژەی هەبوو و ئاخرییەکەی ســـەلمان ڕوشدی لە ١٢ ئووتـــی ٢٠٢٢ لە کاتی وتاربێـــژی لە نیۆیۆرک لـــە لایەن هادی مەتەری ٢٤ســـاڵەوە بە چەقۆ هێرشـــی کرایە ســـەر و بەتوندی بریندار بوو و لەوهێرشـــەدا چاوێکی کوێربوو.

## ٢. تیرۆریزمی ئابووری

لـــە چەمکی تیـــرۆری ئابووریدا تۆتالیتێر دەســـت دەکات بە دامەزراندنی ناوەندە ئابوورییە دەوڵەتییەکان و بنیادەکانی ســـەر بە دەسەڵاتی ناوەند. چونکە ناوندەکانی بڕیاردان و یاســـادانەری بەناو پەرلەمان، جیرەخۆر و نۆکەری دەسەڵاتن و بە قازانجی ناوەندە ئابوورییەکانی کەرتی گشتی/دەوڵەتی بڕیار دەدەن و پلان و پڕۆژەگەلی پلۆتارشییانە دادەڕێژن تاکوو ســـەرمایەی ســـەرمایەداران بخەنـــە ژێر ڕکێفی خۆیان. بە شـــێوەیەک کە سەرمایەدار دەخەنە خزمەت سیاسەتی ئابووریی دەوڵەتی؛ ئەویش ئابوورییـــەک کە بە قازانجی بەرژەوەندی و خواســـتی نیزامی سیاســـیی دەسەڵاتی تۆتالیتێرە. یان ئەوەی ناوەندگەلێکی مافیایی و کارتێلە زەبەلاحـــەکان چێ دەکەن بۆوەی ســـەرمایەی وڵات لە خزمەت گەشتی ســـەرمایەی دەوڵەتیدا بـــێ. تۆتالیتێر چونکە خۆی کانتێکـــس و باکگراونـــدی فێڵبازی و ڕێویسفەتی لەناخ و مانیفێســـتی بوونیدایە، باوڕ و متمانەی بە هیچ لایـــەن و کەرتێکی تایبەتی نییە و لەوانەش گرینگتر، لە وەها دەســـەڵاتێکدا قەبارە و بوودجەی بەشی "میلیتاری" "Military" لایەنی هەرە بەرچـــاوی پەکەیجی حکوومەتی لەخۆ گرتـــووە. بۆ نموونە ناوەندی ســـازێنەر و ئەندازیاری خاتەمولئەنبیا سەر بەسپای پاسدارانە و یەکێ لەو ڕێکخـــراو و کارتێلە ئابوورییانەیە کە بەشـــی هەرە زۆری ئابووریی وڵاتی ئێرانی لەژێر چۆک ناوە و هەمووشـــیان لە لایەن سەردارانی سپای پاســـدارانەوە ســـەرۆکایەتی دەکرێن. بۆ نموونە پڕۆژەی ســـازکردنی بەنـــداو لە ئێراندا بە گشـــتی لە ژێر دەســـەڵاتی ســـپادایە و چونکـــە لە ڕێگای زانســـتی ســـەردەمیانە و ئێکۆسیســـتمییەوە ئەندازیاریی مودێڕنی لەسەر نەکراوە و بـــاری ژینگەپارێزیـــی لەپێش چاو نەگیراوە زۆرجـــار بەجێگای قازانـــج، زەرەری گشـــتیی لێ دەکەوێتـــەوە. وەختایەک هەموو شیرکەت و دەسەڵاتەکان لە لایەن ناوەندێکەوە بەڕێوە ببرێ و هیچ چاودێر و لێپرسینەوەیەکی

یاســـاییی لەســـەر نەبێ، دیارە ئەو کارتێلانە مافیای دەســـەڵاتیان لێ دەکەوێتەوە و گەندەڵ دەبن و دزی و هەڵلووشـــین و تـــاڵان دەبێتە ئەرکی ســـەرەکییان. هەربۆیە دەبینین ڕەوتی ژیانی تۆتالیتێری ئاخوندی، تەواو وەک ئەشـــرافی و فیئۆدالیسمی سەدەکانی شـــازدە و حەڤدەی ئەورووپایە و هەڵاوســـان و مایەپووچیی ئابووریی لـــێ کەوتوەتـــەوە و زەرەرمەندبوونی کۆمەڵگا، بەرهەمی سیاســـەتی دزوێن و نابەرپرسایەتیی ئابووریی سەقەتیانە.

دەســـتبڕی و گیرفانبڕی و بردنەســـەرێی پیتاک و داراییی ســـەرانە و تیرۆری گیرفان و داراییی کۆمەڵگا دەبێتە ئەرکی ســـەرەکییان. ئابووریی پاتریمۆنالیستییانە و ئاپشناڵتەوەرانەیان نە بەشـــی ناوخۆ دەکات و نە بەشـــی خەرج و باجی پرۆکسییە تیرۆریستەکانیان دەکات. ڕاست یەکیەتیی ســـۆڤییەتی سۆسیالیستیمان بیر دەخاتەوە. بە ئابوورییەکی تاکرەهەند و سەقەتی دەوڵەتی، یەکیەتیی ســـۆڤییەت، ســـەرەڕای شکستی ئابووریی ناوخۆ، دەبوو لایەنی ئابووریی وڵاتانی هاوپەیمانی کۆمۆنیزمی خۆشی تەیارکات. ئاکامەکـــەی مایەپووچبوون و شکســـتی ئەو ئابوورییە سۆسیالیستییەبوو. دیارە لە دەسەڵاتی تۆتالیتێر/کۆلۆنیالیستی ئێرانیدا، ئابوورییەکی کە لە ژێر تەوژمی پلۆتۆکراســـیدا بێ و دەسەڵاتدارانی تۆتالیتێر بەپانەوە ئابوورییەکی کلیپتۆکراسییان ڕەچاو کردبێ و هەرکەســـە و مافیا و کارتێلێکی ئابووریی بنەماڵەیی ســـاختەیان ڕێک خستووە تاکوو گیرفانی خۆیان و بنەماڵەیانی لێ بئاخنن؛ چـــارەی کار، ڕووخاندنی ئەو دەســـەڵاتەیە و بنیادنانی دەسەڵاتێکی ئانتی سانترالیزمە تاکوو هەموو لایـــەک چاوەدێری ســـەرەکی بن لە دزی گەندەڵی و ناوەندخوازانی خاوەن دەسەڵات. ئابووریـــی دەوڵەتی و کەرتی گشـــتی کە لە ژێر سیاســـەتی دەزگا دەوڵەتییەکاندایە و کەرتی تایبەتی و بازارەکانـــی بەرەو مایەپووچی بردووە و ئاکامەکەی بووەتە هۆی ئـــەوەی زیاتر لە پەنجا بۆ شەســـت لەســـەدی کۆمەڵگا مووچەخۆری حکوومەت بن و نەمر نەژی و بەنانەزگی ژیواری مەرگەژین بکەن. کارمەنـــدان و کرێکاران تەواو لەژێر هێڵـــی هەژاری و داماویـــدان. جیا لەوانە بەهۆی بێکاری و بێئەنوایی، لایەنێکی بەرچاوی کۆمەڵگا هەژار و چەوســـاوە و ئاتاجن و ژیانیان بووەتە گرێدراوی سوبســـیدی وەک (کالابرگ. یارانە. معیشتی و....) زۆر چەمکی سواڵکەرپەروەر، بووەتە هۆی ئـــەوەی ژیانێکی بـــەدوور لەهەر چەشنە خۆشـــبژێوی و ئاسایشـــێک ئاسۆی دوورەدیمەنـــی کۆمەڵگای ئێرانی بێ.

### ٣. تیرۆری کەسیەتی

تۆتالیتێر/کۆلۆنیالیزمی ئاخوندی بە کوشـــتن و شـــوێنبزرکردن قەناعـــەت نـــاکات و زۆرجار کەسیەتی و شکۆی کەسایەتییەکان دەشکێنێ و ترۆ[٩] یان دەکات تاکوو ئاســـایش و دڵخۆشییان لـــێ زەوت بکـــرێ و لە کۆمەڵگادا ســـەریان هەڵنەیەت. هەر لە ســـەرەتای دەستپێکردنی دەســـەڵاتی ئاخوندییەوە ئـــەو کارە قێزەونە باو بووە. لە ژێر گوشـــار و ئەشـــکەنجەی ڕۆحی و جەســـتەییدا، نەیاران و نارازییـــان و جیابیران دەهێننە بەر کامێرا و بـــە قازانجی بەرژەوەندیی دەسەڵات و لە دژی کەســـی نەیار، دانپێدانانی زۆرەملییان پێ دەکەن و شـــکۆ و کەسایەتییان خەوشـــدار دەکەن. تەنانەت بەوەشەوە ناوەستن لە زیندانەکاندا لاقەیـــان دەکەن تاکوو بەجارێ دابرووخێن و شووشـــەی ورەیان بچرژێ. زۆرجار بیستوومانە و دیتوومانە، بەتایبەت لەسەرووبەندی ڕاپەڕینـــی ژن. ژیان. ئازادیدا کـــەم نەبوون ئەو کەسانەی دوای ماوەیەک زیندانی و ئەشکەنجە، کاتێ ئـــازاد دەکـــران خۆیان دەکوشـــت. ئایا دەســـەڵات و پارێزەرانی تاریکی و کۆنەپەرەستی نەیاندەتوانی خۆیان لە زیندانەکاندا شـــەهیدیان بکەن؟ لاقەکـــردن و ئازادکردن و دوایە خۆکوژی بە مەبەســـتی تێکشـــکاندن و دارمانی ورەی کۆمەڵگایە و ترس خستنە دڵی جەماوەری نەیار ودژبەری ڕێژیمە تاکوو نەوێرن ســـەرهەڵبڕن و چەمکی هومێـــد لەدەروونیاندا دەژاکێنن.

زۆرکەسمان تیرۆری پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات لەباشووری کوردستانمان لەدەیەی ٧٠ی هەتاویدا لە بیرە. ڕۆژ نەبوو چەندین پێشمەرگە تیرۆر نەکرێن. کەم نەبوون ئەو تیرۆریستانەی دەخزێنرانە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و زۆربەیان دەگیران و دواتر سیاسەتەکانی توتالتێریان لەقاو دەدا کە چییان بەسەرهێناون بۆ ئەوەی پێملی سیاسەتی تیرۆریزمی ئاخوندی بن. زۆرجار ئەو تیرۆریستانە باسیان کردووە کە لە پێش چاوی خۆیان لەلایەن جاش و چڵکاوخۆرعەلی یاسینپەرستەکانەوە و ئەحمەد قەرەچیەکانەوە(ناوچەی بۆکان) و زۆر جاش و بەکرێگیراوی دیکە، دەستدرێژییان کردوەتە سەر خوشک یان دایک یان خێزانیان. یان تەنانەت دەستدرێژیی سێکسییان کردووەتە سەر خۆیان و فیلمیان لێ هەڵگیراوە تاکوو مەجبووریان بکەن کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن. چیها کەسایەتیی ئەدەبی و هونەری هەبوون و هەن کە لە زیندان و لە دەرەوەی بەندیخانەدا شکۆیان شکاندن و دایانرماندن چونکە دەقێک یان بەرهەمێکی هونەرییان خوڵقاندووە و بەدڵی تۆتالیتێر نەبووە. لەوپێناوەدا فیلمی سینەمایی دەست نوشتەها نمی سوزند.[١٠] (دەستنووسەکان ناسووتێن) نموونەیەکی هەرەبچووکی ڕیالیبە بۆ تێگەیشتن لە کردەوە نگریسەکانی ئاخوندیزم. هەڵبەستنی فاکتی ساختە و پاشاگەردانی بۆ کەسایەتییە بەرچاو و سێلێبریەتییەکانی کۆمەڵگا تاکوو لەپێش چاوی خەڵکی ڕەشیان کەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا باوڕییان پێ نەکەن و باندۆڕێکی ئەوتۆیان لەسەر جەماوەری کۆمەڵگا نە بێ.

## ٤. تیرۆری کۆمەڵایەتی

هانا ئارێنت لە کتێبی بەرخی تۆتالیتاریزم و توندوتیژیدا دوو شێوازی تیرۆری دەزگای لابیرێنت و پێچەڵاوپووچبوونی دەسەڵاتی تۆتالیتێر دەستنیشان دەکات:

یەکەم، ئەو کەسانەی بەهۆی زەخت و گوشارەوە ورەیان بەرداوە و تەریککەوتوو و گۆشەگیرن، ئەگەری ئەوەیان لەسەرە زۆر خێراتر ببنە ملکەچ و گوێلەمستی تۆتالیتێر و خۆیان ببنە ئەنجامدەری پلانەکانی دەسەڵات. هەرچەند ڕەنگە بەدڵ ئەو کارە نەکەن، بەڵام تێوەدەگلێنرێن. ئەو چینە لە[١١]کۆمەڵگا ترس و فۆبیای تۆتالیتێر لە دەروونیاندا چەکەرەی کردووە و بە تیرۆری ڕۆحی یان گوشاری جەستەیی دەبنە داردەست و ئەندامی دەسەڵاتی پاوانخواز. چونکە تۆتالیتێر کۆمەڵگایەکی سایکۆپات و دڵڕەقی گەرەکە. بۆ ئەوەی پەرەنگ بن و ئیدیۆمی یەکگرتوویی لە ناخی کۆمەڵگادا نامۆبێت و دەستەواژەی "جا بەمن چی!" جێ بکەوێ و ببێتە کوولەکەی ڕۆحی کۆمەڵگای نەخۆش. لەوەها دۆخێکدا کۆمەڵگایەکی هۆلیگانیزم دەئافرێت و ئاژاوە ڕەگ دادەکوتێ و شەڕانگێزی و وینداڵیزم دەبێتە چەمکێکی باو. لەوبارەیەوە ئەرستوو پێی وایە پەرەدان بە شەڕاشۆیی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان. ئەرستوو بۆ کۆمەڵگا، دەسەڵاتداری"پولیسPoleis " یان دەوڵەت شار پێشنیار دەکات. ئەو خانەدانانەی بەشێکن لە ئەنجومەنە خەڵکییەکانی کۆمەڵگا. واتا دەسەڵاتێکی گشتی کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا تێیدا بەشداربن و خۆیانی تێدا ببینەوە و بەدڵ هەوڵی بۆ بدەن.

دووهەم، هانا ئارێنت لەو پۆلێنبەندییەدا دەڵێ زۆرجار تۆتالیتێر بەئەنقەست لات و ئاژاوەگێر و شەڕانگێزی دەخاتە ناوشار یان دەیانخزێنێتە کەلێنی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگاوە، ئامانج لەو کارە شێواندنی باری ڕەوانی و چاوترسێنکردنی لایەنی مەبەستدارە و جارناجارێکیش ئەو ئاژاوەگێر و هۆلیگانیسمانە

دەست بەسەر دەکات تاکوو ئازایەتیی خۆی نیشان بدات. بۆ ئەوەی هەموو کۆمەڵگا ئاگادار بکات کە هیچکەس ناتوانێ خۆی دوورەپەرێز رابگرێ چونکە لەوەها دەسەڵاتگەلێکدا جێگای مرۆڤانی بەشەرەف و بەرێز نابێتەوە. هەرلەوبارەیەوە ئەفلاتوون دەڵێ: "دسەڵاتێکی زاڵم(تۆتالیتێر) ئەگەر بە تەمای بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی بێ، دەبێ شارۆمەندە بەشەرەف و دلێر و جوامێرەکان هەڵاوێرێت.[12]" پەرەپێدانی چەمکی تیرۆر و ترس لە دڵی جەماوەری کۆمەڵگادا بۆ ئەو مەبەستەیە تاک بە تاکی کۆمەڵگا لێیان حاڵی بێ لەژێر فەرمانی چ دەسەڵاتێکدان و فەرمانبەرداری بێئەملاوئەولای تۆتالیتێر بن؛ نەوەکا فکر و بیرۆکەی سەرهەڵدان و سەربزێوی بچێتە مێشکی کۆمەڵگاوە. ئەمە دەستپێشخەرییەکی توتالیتاریزمە بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵگا.

بێکارکردن، لەسەر کار دەرکردن، کارپێنەدان لە ناوەندە دەوڵەتییەکان، بێبەشکردن لە خزمەتگوزارییە سەرەتایی و بنەرەتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەها دانانی گوزینش بۆ دەستنیشانکردن و ئاپشناڵکردنی لە فەرمانگە و ئۆرگانە دەوڵەتییەکان و کەرتی گشتی و تەنانەت کەرتی تایبەتیشە. کاری گوزینش بووەتە پیشە، ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن لێی تێنافکرن و هانا ئارێنێت گوتەنی پرسیاری ئەندێشەتەوەرانە بە مێشکیاندا نایەت. مەبەستم ئەوەیە ئەو جۆرە کەسانە لە گشتایەتیی فەلسەفە و بوونی تۆتالیتێردا دەتوێنەوە و تێکەڵاوی ئەو گەندەڵی و پیسکارییە دەبن. هەر وەک ئاشویتس و ئاشویتسەکان بوونە مۆرە و رێکخەر و جێبەجێکاری پرۆژە و پێواژۆکان. (ئاشویستس کەس نییە بەڵکوو ناوی کۆمەڵە ئوردووگایەکە). ئەفلاتوون دەڵێ: "لەراستیدا ستەمکار حکوومەت ناکات، چونکە ژێردەست و سەردەست گرفتاری پرۆژەی کۆیلایەتین. ئەو کۆیلانەی کۆیلەکانی دیکە کاریان بۆ دەکەن.[13]" ئەفلاتوون دەسەڵاتداری زاڵم و خوێنمژ بە کۆیلە دەزانێ. چونکە گیرۆدەی تیۆری و ئایدۆلۆژییە. تۆتالیتێری ئاخوندی کۆیلەی دەستی تیۆری توندائژۆیی شیعیزمە و بووەتە بەندە و کۆیلەی تیۆری و ئایدۆلۆژیستی فەندەمێنتالیزم. ئەفلاتوون لە درێژەدا دەڵێ: "دەسەڵاتداری زاڵم هەتا ئەو کاتە دەسترۆیشتوو و ملهورە کە زمانلووسی و ماستاوچییەتی چەمکی باوی کۆمەڵگا بێ.[14]" ئەو کلتوورە باوە دەستکردەی بەرهەمی سیاسەتی گەندەڵی دیکتاتۆر و تۆتالیتێرە. ئاشکرایە لە دەسەڵاتی ئاخوندیزمدا دووڕوویی و زمانلووسی چەمکێکی باوە.

## زمان

### زمانی تۆتالیتێر

زمانی تۆتالیتێر زبرە وەک برەن. فێڵاوییە وەک رێوی. ئاگراوییە وەک شەیتان. بارگاوییە بە ژەهری مار. تاڵە وەک کەکرە.

لە راستیدا زمان بناغە و بنچینەی سەرەکیی شوناسی کلتووریی نەتەوایەتییە. تۆتالیتێر، وەک ستراکچێری دەسەڵاتەکەی لەگەڵ دەسەڵاتی مرۆڤتەوەرانەدا تەواو جیاوازە، بێشک دەبێ زمانی ئاخافتن و بریاردانیشی تەواو جیاواز و تایبەتی بێ و خاوەن تاکتیک و پلانی خۆی بێ. زمانی تۆتالیتێری کۆلۆنیالیستتەوەری ئاخوندی، لە وڵاتی داگیرکراوی کلۆنیدا بە دووشێوە کۆلۆنیالیستبوونی خۆی نیشان دەدا و پارێزگاری لەو دوو چەمکە دەکات:

یەکەم بە شێوەی فیزیکی و لەرێگای کلاسیک و بەهێزی سەربازی هەڵیکوتاوەتە سەر وڵات و داگیری کردووە و بەردەوام بە گرتن، ئەشکەنجە و شاربەدەرکردن و ئێعدام و سێدارە، رۆڵەکانی خەباتکاری نیشتمان سەرکوت

دەکات. هەروەها بە وێرانکردنی ژینگە، تێکدانی ڕێڕەوی ئاو و شێواندنی سەرچاوە ئاوییەکان، دزین و ڕفاندنی کانە ژێرزەوییەکان و سووتاندنی لێرەوار و دارستانە کەوناراکان، کۆلۆنیالیستبوونی خۆی دەسەلمێنێت.

دووهەم، لەڕێگای زمان و هێرشی بەرینی زمانەوانییەوە دادەکوتێتە سەر زمان و کلتووری کۆمەڵگای داگیرکراو. هێرشی فیزیکی بۆ داگیرکردنی پەیکەرەی خاک و جەستەی تاک بەتاکی کۆمەڵگای داگیرکراوە و لەکانگا و ناخی مرۆڤدا سەبارەت بە کۆلۆنیالیست، ڕق و قین و هێزی بەربەرەکانێ و بەرەنگاری دەخوڵقێنێ. بەڵام هێرشی زمانی بۆ زەبروەشاندن و کوشتنی زمانی کۆمەڵگای داگیرکراو و دەستەبەرکردنی ڕۆح و ڕەوانی تاکی کلۆنییە و بە هەنگاوی نەرم و هێدی، ناخی تاکی کلۆنی داگیر دەکات و ئەگەر کۆمەڵگای داگیرکراو وشیار نەکرێتەوە، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات بۆخۆی دەبێتە ئامرازی بەرەوپێشچوونی سیاسەت و تاکتیکەکانی کۆلۆنیالیست لەدژی خۆی. چەمکی زمان ئامراز و کەرەسەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکوو ئۆتۆریتەی دەسەڵات و هێژمۆنی و توانستی کلتووری و زمانی دەسەڵاتی داگیرکەرە و بە داگیرکراوی ژێردەستە دەسەلمێنێ من لە تۆ و ئەویترەکان گەورەتر و بەرزترم. بە واتایەکی ڕوونتر دارمانی دەروونی و تێکشکانی چەمکی هیوابەخۆبوون و یان خۆبەکەمزانین لەبەرانبەر کلتوور و زمانی کۆلۆنیالیستدا، ڕێگەخۆشکردنە بەرەو کەندەڵانی ئاسمیلاسیۆن.

زمانی فارسی تەنیا زمانێکی فەرمی و ڕەسمیی وڵات نییە؛ بەڵکوو ئامرازی تواندنەوە و تێکشکاندن و ئاسمیلەی زمانی ژێردەستە. هەروەها نەخۆشخستن و پەککەوتەکردنی زمان و کلتووری کۆمەڵگای داگیرکراوی بەدواوەیە. لەوەها حاڵەتێکدا زمان چۆن ئاسمیلە دەبێ؟ لە وڵامدا دەبێ بگوترێ، زمان پردی پەیوەندیی ڕابردوو لەگەڵ جیلی ئەمڕۆ و داهاتوویە. ئەگەر ئەو پردە برووخێت ترادیسیۆن و کلتوور و گشتایەتیی شوناسی نەتەوەیەک هەڵدەوەشێت و پاشخان و تێشووی کلتووری و زمانیی نامێنێ و نەتەنیا زمان بەڵکوو تەواوەتی نەتەوە ئاسمیلە دەبێ. بەرواڵەت لە مادەی ١٥ی دەستووری ئێراندا هاتووە: "زمانی فارسی، زمانی دایکیی و خەتی ڕەسمی و هاوبەشی هەموو خەڵکی ئێرانە و دەبێ ئیدارات و کتێبەدەرسییەکان بە زمانی فارسی بن." لەدرێژەدا ئاوا هاتووە: "لە پەنای زمانی فارسیدا، ئەدەبیاتی زمانە خۆجێییەکان بخوێنرێت و لە زمانە مەحەللی و قەومییەکان بۆ چاپەمەنی و ڕاگەیەنە لۆکاڵییەکان کەڵک وەربگیرێ." لەم یاسایەدا زمانی فارسی وەک کۆڵەکەی زمانیی ئەویترەکان دانراوە و زمانەکانی دیکەش بە پاشکۆ ناوزەد کراون. لە ئەسڵی ١٥دا وا نیشان دراوە گەلانی دیکەی ئێران بە قەوم دەناسرێن و وەک ئیتنیک و نەتەوە حیسابیان بۆ ناکرێ. دەی دیارە ئەگەر بە نەتەوە نەناسرێن، زمانەکەیان بە زاراوە ناو دەهێنرێ. خاڵی جێی ئاماژە ئەوەیە هەتا ئێستا لە شرۆڤەی ئەم ئەسڵەدا کوتراوە زمانەی نافارسییەکان دەتوانن لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دەڵێ: ئەدەبیاتی زمانەکانی دیکە و هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی بە زمان نەکردووە. واتا لە قوتابخانەکاندا دەتوانن سەبارەت بە ئەدەبییاتی زمانەکانی دیکە قسەوباس بکرێ. ئەینا هەر دوابەدوای ئەسڵی ١٥، ئاماژە کراوەتە سەر ئەسڵی ١٦ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەئەسڵی ١٦دا ئاماژە کراوەتە سەر زمانی عەرەبی وەک زمانی قورئان و جەختی لەسەرکراوە دەبێ لەقوتابخانەکاندا بخوێنرێت. هەربۆیە ئەسڵێکی جیا و سەربەخۆیان بۆ داناوە. ئەسڵی١٦: "چونکە زمانی قورئانی و زانست و مەعریفەی ئیسلامی عەرەبییە و ئەدەبیاتی فارسییش ئاوێتە و تێکڵاوییەکی زۆری لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەیە، دەبێ زمانی عەرەبی دوای قۆناغی

سەرەتایی و هەتا کۆتایی دەورەی دواناوەندی لە هەموو پۆلەکانی قوتابخانەدا بخوێنرێت."

لە راستیدا زمانی فارسی زمانێکی هاوبەش نییە، بەڵکوو زمانێکی داگیرکەری دەسەڵاتداری پۆست کۆلۆنیالیستییە کە بۆ تێکشکاندن و رووخاندنی قەوارەی زمانیی ئەویترەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێت. زمانی فارسی بە زمان ناو دەهێنرێ و زمانەکانی دیکەی وەک کوردی، بە بنزاراوە و پەیڤ و گوویش نیشان دەدرێ. ئەگەر رێز لە زمانی کۆمەڵگای داگیرکراو بگیرایێ نەدەهاتن ناوی گوند و کێو و شار و ناوچە جوگرافیاییەکانی کوردستان بگۆڕن و بشێوێنن. منداڵی کورد هەر کە چاوی کراوە، لە قوتابخانە زمانێکی بیانی دەخزێنرێتە مێشکییەوە و ئامادەی دەکات بۆ وەرگرتنی هێژمۆنی کلتووری کۆلۆنیالیست. کۆلۆنیالیست بە زمانی داسەپاو، گەرەکیەتی شوناس و هۆوییەتی نوێ بۆ منداڵی کورد دیاری بکات. خوێندنگا و زانکۆکان تەنیا ناوەندێکی فێرکاری و زانستی نین؛ بەڵکوو سەرچاوەیەکن بۆ بەگەورەیی نیشاندانی زمانی دەسەڵاتداری کۆلۆنیالیست تاکوو بە ژێردەستانی بسەلمێنێ زمانی من زمانی دەسەڵاتە و تۆ توانایی دەوڵەتبوونت نییە. قوتابخانە و زانکۆ بڵیندگۆیەکەن بۆ چەواشەکاری و دەستەوەردانی مێژوویی. مێژووی ماد لە چەند دێڕدا دەنووسرێ، سەرکردەکانی بە ئەژدیها و خوێنرێژ ناودێر دەکرێن. لە پەناوە مێژووی مرۆڤایەتی لە کوورش و داریووشەوە دەست پێ دەکات. کوورش بە سەرکردەی بەخشندە و داهێنەر و سەرچاوەی مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەناسێنرێت.

بە هۆی بوونی دەسەڵات و دەوڵەتێکی داگیرکەرەوە، کۆلۆنیالیست چەمکی شەرم و تەریقبوونەوە دەخزێنێتە کانگای زەینی وڵاتی داگیرکراو. بۆیە ناراستەوخۆ پرۆپاگەندە بۆ ئەوە دەکەن نووسین و لێکۆڵینەوە و قسەکردن بە زمانی فارسی شانازییە و پرستیژێکی ئەوتۆی بەدواوەیە. ئەی بۆچی قسەکردن و نووسین بە زمانە ئینترناسیۆناڵییەکانی وەک ئینگلیسی و فەرانسی و ـ بە قەدرایی زمانی فارسی مەزن و شانازی نییە؟

بەهۆی هەبوونی ناوەندەکانی هێز و دەسەڵاتدارییەتییەوە و بەهۆی دەزگای راگەیاندن و ماسمیدیا و وەزارەتی پەروەردە و راهێنانی فەرمیی سانتراڵتەوەر، تاکی ژێردەست هەر سەرکوت و تێکشکاندنی رۆحی و زمانی دەبینێ. لە قوتابخانە و سەر میدیاکان نوکتە و شۆخی و گاڵتەپێکردن بەردەوام دووپاتە دەبێتەوە بۆئەوەی بە گوێی تاکی داگیرکراوی کۆلۆنیدا بخوێنن تۆ داگیرکراو و ژێردەستەی و ئیمان بەوقەزاوقەدەرە بێنە! بۆ ئەوەی شەرم لە زمان و کلتووری خۆی بکات و لەملاوئەولا پێی عەیب بێ بە زمانی خۆی بئاخفێ و زمانی داگیرکەر ببێتە هایکلاس. خاڵی جێگای ترس ئەوەیە، هەرکە تاکی کۆمەڵگای داگیرکراو بەرهەمی زمانەوانی و یان دەقێکی ئەدەبی و بەتایبەتی تێکستێکی مێژوویی نووسراو بە زمانی داگیرکەری لە لا شیرین و پەسند بوو، ئەوە زۆر جێگای ترس و دڵنیگەرانییە و نیشانەی کارتێکەریی زمانی زاڵە. چونکە لەوەها دۆخێکدا هێژمۆنی زمانی زاڵ خەریکە بەسەر زمانی داگیرکراودا ئۆتۆریتەی خۆی دادەسەپێنێ. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تاکتیک و سیاسەتانە، بەرفراوانکردنی کارای میدیا و سوشیاڵمیدیا زۆر پێویستە. کارپێکردنی زمانی کوردی لە ناوەندە ئەدەبی و خوێندنگاکاندا دەبێ لەبەرچاو بگیرێ.

## رێبەر

حکوومەتە تۆتالیتێرەکان پێکهاتەیەکی تایبەتین و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. بۆ نموونە نازیسم

لەسەر ئەساسی ناسیۆنال/ڕاسیزمی خەستی ژێرمەن دامەزرابوو. حکوومەتی مۆسۆلێنی لە ئیتالیا، ناسیۆنالیزمی فاشیزمانەیە. ئەساسی کۆمۆنیزم ئایدۆلۆژیی کرێکاری و سۆسیالیزمی لەخۆ گرتبوو. تۆتالیتێری ویلایەتی فەقێی ئاخوندی، لەسەر بنەچەی ئایدۆلۆژیی ئیسلامیی ڕادیکاڵی شیعیزم داڕێژراوە. هەروەها بە قەولی هانا ئارێنێت، لە نیشانەکانی دیکەی حکوومەتە ڕەها و تۆتالیتێرەکان ئەوەیە پێشبینی ناکرێن، چونکە سیاسەتێکی ڕوون و پەکەیجێکی باو و گونجاویان نییە. هیچ هێما و نیشانەیەکی مرۆییان بۆ ڕەچاو ناکرێ. هەربۆیە بۆ پێکهاتە و پێشهاتەکان بەپێی ئایدۆلۆژیستبوونیان و بەهۆی ئانارشیست بوونی وەها دەسەڵاتگەلێک لە چوارچێوەی یاسای مرۆییدا ناگونجێن.

ئەگەر نەڵێین پێوەری سەرەکی، لانیکەم یەکێ لە خسڵەتە ئەساسییەکانی تۆتالیتاریزم چەمکی لیدێر و ڕێبەرایەتییە. لەدەسەڵاتی تۆتالیتاری ئاخوندیزمدا ڕێبەر ڕەواییی خۆی لە کۆمەڵگا وەرناگرێ و خۆی بەنوێنەری خودا دەزانێ. واتا شەرعییەت و ڕەواییی خۆی لە لایەن خوداوە وەردەگرێ. لە ڕوانگەی ئیسلامەوە حاکمی سەرەکی و باڵادەست، تەنیا خودایە و ئیمام و حاکمی ئیسلامی جێنشینی خودایە. هەربۆیە ڕێبەر دەسەڵاتێکی ڕەها و "پۆستیاسایی"ی هەیە و هیچ یاسا و ڕێسایەک ناتوانێ بۆی ببێتە بەربەست. لە دەسەڵاتی ئاخوندیزمدا ڕاستە کە ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری بەرواڵەت چاوەدێری دەسەڵاتی ڕێبەرایەتییە و دەبێ هەڵسوکەوتی ڕێبەریی ئیسلامی هەڵسەنگێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ئەنجومەنە گوێ لە مستە، پشتیوانی سەرەکیی ڕێبەرایەتییە و بەراییبەخشینە بە بەردەوامیی خامەنەیی. چونکە ئەرکی ئەو ئەنجومەنە کۆیلایەتی و کلکایەتیی ئەرکانی ڕێبەریی تۆتالیتێری ئیسلامییە و هیچ چاوەدێرییەکی بەرپرسانەی لەخۆ نەگرتووە. تۆتالیتێر لە دەسەڵاتە تۆتالیتاریزمەکاندا خۆیان وەک ئۆستوورە نیشان دەدەن، تاکوو ئەبەدی و دایمی بن و هیچ کەس و هیچ لایەنێک لە فکری وەلانان و لێپێچینەوەیاندا نەبێت.

بووچوونەکانی ئێرنێست کاسیرێر لەسەر گرینگایەتیی چەمکی ئوستوورە سەرنجڕاکێشن. کاسیرێر لە کتێبی ئوستوورەی دەوڵەتدا گوتوویەتی، ئوستوورە لەسەر دیاردەیەکی سەرەتایی و ڕەمەکییانە نەهاتووتە ئاراوە، بەڵکوو چەشنە فۆرمێکی سەمبوولیکانەیە کە زەینییەت و مەنتالیتەی مرۆیی و چەمکە کۆمەڵایەتییەکان ئۆرگانیزە دەکات. [15] کاسرێر لەو بەرهەمەدا بەگژ ئۆستوورەی مودێرندا دێتەوە. چونکە پێی وایە بەهۆی تیۆریی ڕاسیزمتەوەری و قارەمانپەوەری و پۆپۆلیزمیەوە، ئوستوورەی سیاسی دەئافرێنن و لەڕێگای پرۆپاگەندەی نوێباو و تێکنۆلۆژیی مودێرنەوە بیروڕای جەماوەر و کۆمەڵگا فریو دەدەن و پەرە بە دەسەڵاتی تۆتالیتێری خۆیان دەدەن. تۆتالیتێر لە هەموو ئامرازێکی بەردەستی کەڵکاژۆی خراپ وەردەگرێ و قازانجی دەسەڵاتی نگریسی خۆی تێدا دەبینێتەوە. ڕێبەری تۆتالیتێر هەڵە و تاوانێک ناکات و لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە دەبێ بە پیرۆز و خودای سەرەرزی دابنرێ. خومەینی. خامەنەیی. هیتلێر و ستالین و... هەموو یەک ڕەوشت و قەوارەی وێچوویان هەیە و قارەمانی وڵاتەکەیانن و لە چەشنی ئەوان نموونەیەک نەبووە و نابێ و دەبێ بپەرسترێن و ئەرک و فەرمانیان بەبێ سێ ودوو جێبەجێ بکرێت. چونکە ڕێبەری تۆتالیتێر (کیشی شەخسییەتە) و هێژمۆنییەکی تایبەتی ئاسمانی و متافیزیایی هە یە.

له۲۴ـــــی مارسی ۱۹۳۳ــــی زایینیدا، له ئاڵمانـــی نازیســـمدا یاســـایەک دەرچوو کە ئێختیـــار و توانایی دەســـەڵاتی ڕێبەر(هیتلێر) لە دەوڵەت بانتـــرە و لەوەبەولاوە دەســـەڵاتی یاسادانان(قوه مقننه) سپاردرایە دەستی هیتلێر. یانی دەســـەڵاتی هیتلێر هیچ ســـنوورێکی بۆ دیار نەکـــرا و بووە حاکمی ڕەهـــا و تۆتالیتێر. وەختایەکی خومەینی بـــووە حاکمی کۆماری ئیسلامیـــی ئێران، ئیـــدی وتەکانـــی بوونە یاســـا. (کۆماری ئیسلامی نەوشـــەیەک زیاتر نەوشـــەیەک کەمتر). لە ئیسلامی شیعیزمدا ویلایەتی موتڵەقەی فەقێ، دەســـەڵاتی ڕەهای هەیە و دەتوانێ دەســـت لە هەمـــوو کاروباری وڵات وەربـــدات و خـــۆی تێهەڵقورتێنێ و ڕای خۆی دەربڕێ. چونکە دەســـەڵاتەکەی دەلالەتە لە شـــەرعییەتی ئیسلام. لەئەساسدا فەلسەفەی ئایینە ئاســـمانییەکانی وەک مەسیحییەت و مووسایی و لەســـەرووی هەموانیشەوە ئیسلام، باوەڕمەندییەکـــی تاکڕەهەندانە و ڕەهایە. ئیسلام دەڵـــێ هەرکـــەس ئیسلامی قەبـــووڵ بێ موســـوڵمانە و لەو بەدەر کافرە. ئیسلام ئایینێکە لە نێوان ڕەش و ســـپیدایە و بـــەدەر لەوە هیچ ڕەنگێکی دیکـــە نابێ بوونی هەبـــێ. فرەیی و پلۆرالیـــزم، دوژمنی ســـەرەکیی ئیسلامن و لە ئێراندا حوکمی ڕەجم و ســـێدارەیان لە پشتە. بەپێی بووچوونی ئایینزای شـــیعە، پێغەمبەر و ئیمامەکان پاک و بەری لەتاوان(مەعســـووم)ن. بەپێی ئەو بۆچوونـــە (ولایەتی موتڵەقەی فەقێ) نەتەنیا پاک و بێگەردە بەڵکوو ڕادەربڕینەکانیشی یاســـا و پرەنسیپن، چونکە جێنشـــینی خودایە و حوکمی خۆی لە خـــوداوە وەرگرتووە و لادان لە بۆچوونەکانی تاوانە و حوکمی موفسیدولفیلئەرزی هەیە. دەســـتووری جەهـــادی خومەینی بۆ سەرکوردستان لەگەلاوێژی ۱۳۵۸ــی هەتاوی و دەیان و سەدان دەستوور و فەرمایشی بێبنەمای خامنەیـــی دەکەونە قەوارەی ئەو دەســـەڵاتە ڕەهایە.

ویلایەتـــی فەقێ لەچوارچێوەی یاســـای ئیلاهیدا حکوومەت دەکات و بەدەر لە یاســـای بنەڕەتیی وڵاتە. ئایەتوڵڵا ئەحمـــەدی ئازەریی قومی جەخت لە دەســـەڵاتی ڕەهای ویلایەتی موتڵەقەی فەقـــێ دەکات و لە کتێبی ویلایەتی موتڵەقـــەی فەقێـــدا، ڕای خـــۆی دەربڕیوە و دەڵێ: "دەســـەڵاتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقێ بێســـنوورە و دەتوانێ دەســـتوەردان لە هەموو کاروبـــاری وڵاتدا بکات". [16] واتا دەســـەڵاتێکی ڕەهـــا و تۆتالیتێـــری وەک خامنەیـــی. لە دەســـەڵاتی ئیسلامیی شیعیزمدا دەسەڵاتێک و یاســـایەک نییە چاوەدێریی حاکمی ئیسلامی بکات. چونکە ئەو نوێنەری خودایە. ئێســـتا کە خودا لێـــرە نییە ڕێبەر خـــودی خودایە. بەڵام ئەوانە هەمووی وەهمێکی شـــێتانەیە و داوێنی خامنەیی گرتووە و هەرکە بڵێســـەی خەبات پەرەی سەند، تیشـــکی زێڕینی خۆری ئازادی دنیای تاریکی تۆتالیتێر دەرزیئاژن دەکات و وەک بڵقی ســـەرئاو دەڕەوێنەوە.

## پەراوێزەکان

۱- ۲۱درس برای قرن۲۱. یـــووال نوح هراری. ترجمه: سودابه قیصری،صفحه ۱۹۸.

۲-.هەرئـــەو ســـەرچاوەیە(۲۱ درس بـــرای قرن ۲۱) لاپـــەڕەی ۱۹۸ و ۱۹۹.

۳-تۆتالیتاریـــزم. هانا ئارێنێت. وەرگێڕانی: موحســـین سەلاســـی. لاپەڕەی ۲۹۳.

۴- کاناڵـــی تێلێگرامی تایبەتی مەهدی خەلەجی
t.me/khalajich

۵-هەرئەوسەرچاوەی سەرەوە.واتامەهدی خەلەجی.

۶- "نامه تنسر" لەڕاســـتکردنەوە و گردوکۆکردنەوەی موجتەبا مینەوی. ئەم کتێبە لەسەردەمی هەردەشێری

پاپەکاندا نووسراوە و زمانی سەرەکیی ئەو بەرهەمە زمانی پاڵەیی بووە. واتا زمانی دەسەڵاتدارانی ئەمپراتۆری ساسانی. دەشزانین پاڵەیی کە فارسەکان پێی دەڵێن"پەهلەوی" و بۆ مەزن نیشاندانی بنەماڵەی رزاشا شۆرەت یان نازناوی بنەماڵەیی "پەهلەوی" بۆ هەڵدەبژێرن.

نامەی تەنسەر، هەمان "دووسەر"ی کوردییە کە موجتەبا مینەوی کردوویەتە تەنسەر. یان رەنگە لەوەرگێرانە عەرەبیەکەیدا تەنسەر دانرابێ. چونکە نوسخەی سەرەکیی ئەو بەرهەمە نەماوە هەتا ڕاستی و دروستیی ناوی بەرهەمەکەمان بۆ مەعلووم بێ.

کتێبی "نامەی تەنسەر بۆ گوشەسب" سەرەتا لەلایەن "عەبدوڵڵا ئیبنی موقەفەع"ـەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی. دواتر لەلایەن "ئیبنی ئەسفەندیار"ەوە کراوەتە فارسی و موجتەبا مینەویش گردوکۆی کردووەتەوە و هەڵەچنیی بۆ کردووە.

٧- کتێبی ٢١درس برای قرن٢١ لە نووسینی: یووال نوح هراری.

٨- .دیسپۆزیتیڤ: بریەتییە لەو ڕێکخراوە ئیداری و فیزیکیانەی کە کۆی گشتی ئۆتۆریتەی دەسەڵاتێک لەکۆمەڵگا و پاناتایی دەسەڵاتدا پێکەوە گرێ دەدەن.

٩ - ترۆ. ترۆکردن: ریسواکردن. بێحورمەتی پێ کردن. (هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژار).

١٠- فیلمی تراژیکی (دست نوشتەها نمیسوزند) لەدەرهێنانی: محەمەد ڕەسوولۆف. ساڵی پەخش: ٢٠١٣ز.١٣٩٢هـ

١١- کتێبی: نظریەهای جباریت. از افلاتون تا آرنت. نووسەر: دوکتور ڕاجێر بووشە. لاپەڕەکانی ١٠٧ و ١٠٩.

١٢- نظریەهای جباریت: دکتر راجربوشە. لاپەڕەی ٦٩.

١٣- نظریەهای جباریت: د.راجر بوشە. مترجم: فریدون مجلسی.لاپەڕەی ٥٩.

١٤- هەر ئەو سەرچاوەیە. نظریەهای جباریت.

١٥- ئوستوورەی دەوڵەت: ئێرنێست کاسرێر. وەرگێر بۆ زمانی فارسی: یەدوڵا موقن.

١٦- .ولایت فقفیە از دیدگاه فقهای اسلامی: احمدآزری قمی(١٣٠٣ـ ١٣٧٧هـ)

## ژێدەر:


١. توتالیتاریسم: هانا آرنت… مترجم: محسن ثلاثی. سازمان انتشارات جاویدان. چاپ دوم سال١٣٦٦.

٢. نظریەهای جباریت ازافلاطون تا آرنت: دکتر راجر پوشە…… مترجم: فریدون مجلسی. انتشارات مروارید.چاپ سوم. ١٣٩٥.

ISBN:978-964-8838-10-7.

٣. خشونت: هانا آرنت… مترجم: عزتالە فولادوند. انتشارات خوارزمی. چاپ دوم ١٣٩٤.

ISBN:978-964-478-148-1

٤. قدرت بیقدرتان: واتسلاو هابیل: مترجم: احسان کیانیخواە. نشر نو. چاپ دوم١٣٩٨.

ISBN: 987-600-490-097-3

٥. خۆڵەمێشی ققەنەس: بەختیار عەلی. ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند. ژومارەی سپاردن١٦٨٦ساڵی ٢٠٢٣.

٦. ولایت فقیە از دیدگاە فقهای اسلامی: احمدآذری قمی. ناشر: دارالعلم قم.سال ١٣٧٢. کد: ٢٢٣

٧. اسطورە و دولت: ارنست کاسرر……. مترجم: یدولا موقن. سال:١٤٠٣. انتشارات هرمس.

ISBN: 987-968-664-113-6

٨. ٢١کتاب: درس برای قرن٢١: یووال نوح هراری…. مترجم: سودابە قیصری. بنگاە ترجمە و نشر کتاب پارسە. سال ١٣٩٧.

ISBN: 987-600-828-027-9

٩. کتاب: نامە تنسر بە گشنسپ. نویسندە و مولف: مجتبی مینوی. انتشارات: دنیای کتاب. چاپ سوم.

ISBN: 978-964-346-2550

١٠. آیشمن در اورشلیم: هانا آرنت. مترجم: زهرا شمس. انتشارات: نشر برج. چاپ پنجم سال ١٣٩٩.

ISBN: 978-622-96477-3-8